# دەقە ئەدەبییەکان

مامۆستای بابەت: شاهین حمدامینL
ئیمەیڵ: Shein.ameen@su.edu.krd



# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری کلاسیکی کوردی هەوەکو شاعیرانی ڕۆژهەڵات لەم مەبەستانەی خوارەوە پێکهاتووە:

دڵداری: ئەو شیعرەیە کە دەربڕینی هەست و سۆز تێیدا دەبێتە بنەما و تیایدا پیاو بە ئافرەت دەبەستێتەوە و وێنەی خۆشەویستی پیاوی تێدایە، هەروەها وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشت و ئەو خۆشەویستییە دەکات کە لە نێوانییان ڕوو دەدات.

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپییدەی باغی سێوان
لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت
بە ڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان
دوو چاوی من کەوا کەیلی سورروشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێ بە پێوان
مەکەن لۆمەی پەشێوی دڵ کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان
شەرابی لەعلی ڕووممانی لە (نالی)
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٢- شانازی : ئەو شیعرەیە کە شاعیر تیایدا شانازی بەخۆی یان بە کار و سیفەتەکانی خۆی یان خێڵەکەی یان میللەتەکەی دەکات. شانای یەکێکە لە مەبەستە گرینگەکانی شیعری کلاسیکی کوردی.

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

هەر وەکو شارانیتر ئاشنایی کۆیە نەبوو
شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسەر کۆکردۆتەوە

نالی دەڵێت:

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بەدەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٣- ستایش: بریتییە لە دەرخستنی ئاکامە جوان و سەرنجڕاکێشەکان، لە کەسێکدا.

نمونەی شیعری نالی :

تا فەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو ......................هتد

٤-شیعری ئایینی : یەکێکیترە لە ناوەڕۆکەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و تیایدا باسی مەزنیی خودا و پێغەمبەر ویاران پێغەمبەر و ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکات.

مەحوی دەڵێت:

خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات
من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات
مردنێکی لەبەر ئەو قاپییەدا مەردانە
بەخوا چاترە ئەمڕۆ لە گلاراوی حەیات

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

تۆ نەبی مەلجەئی من بی ،«ابدا» نیمە مەلاز
لەودەرە بێتو دەرم کەی ،بە خودا نیمە مەلاز
قاپی یو بابی کەسێکی کە، نیشانم دە، بچم
غەیری قاپی کەرەم و بابی عەتا نیمە مەلاز
تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم.
بەردەری مەیکەدە و بەس ، لەوەلا نیمە مەلاز
بەم هەموە تیرە وە دڵ سینەمی دی، ئەو شێرە
لەرزی هاتێ ،وتی ئەم بێشە نەما نیمە مەلاز
بەختە زاهید کە بەهەشتی بووەتە مەئوا،من
غەیری «بیت الحزن » ی دەرد و جەفا نیمە مەلاز
شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم
بەر دەروباری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاز
بەڵکە لەو ڕێ یەوە من پەی بەمە عیمرانی بەقا
{مەحویا } غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاز

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٥- شیعری سۆفیگەری: ئەو شیعرەیە کە پەیوەندی بە تەریقەتەوە هەیە واتە باسی فەلسەفەی خواپەرستی دەکاتلە سەرەتادا بە تۆبەکردن دەست پێ دەکات دواتر هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروونی وبڕینی پلەکانی سۆفیگەری و گەیشتن بە بەرزترین پلە کە پێی دەگوترێت توانەوە.

بە نوری بادە کەشفی زولمەتی تەقوا نەکەم چ بکەم　　بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چ بکەم

لە خەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە هەر داخی سەودایە　　دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم چ بکەم

لەگەڵ دەستی مەلا ڕێناکەوێ زونناری زولفی یار　　وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چ بکەم

لە ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما　　دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چ بکەم

دەمێکە شاری پڕشۆری موحیبەت مات و خامۆشە　　بە قانونی تەجەنون شۆرشێ ئینشا نەکەم چ بکەم

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

لە چاوانم نەما بۆ گریە نۆبەی سوجدە بەردەریە
سیاسالم نەبارە نوێژی ئیستسقا نەکەم چ بکەم

لە سەر تۆم دوژمنە دونیا قەزیەم مانع الجمعە
کە تەرکی تۆ نەکەم تەرکی هەموو دونیا نەکەم چ بکەم

بەجێ ماوم لە یاران نابەجێ ماوم ئەجەل زووبە
بە مردن لەم قسوری ژینە ئیستعفا نەکەم چ بکەم

ئەوا لەیلا بەرۆژی حەشرە داوادەی لیقا محوی
هەتا قامی قیامەت ئاهوو واوەیلا نەکەم چ بکەم

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٦- داشۆرین: ئەو شیعرەیە کە شاعیر خەوشەکانی ئەو کەسە باس دەکات و پێشانی دەدات کە شیعرەکەی ئاراستە دەکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ڕق و قینە لای شاعیر دروست دەبێت.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت:

هەزار ئەفسون و جادووی ئاوێزانە ئەم ڕیشە
عیلاجی گەر ببێ یا گوێزە یا گوێزانە ئەم ڕیشە

بە تەحریکی تەلێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتدا
ڕەئیسی حیلەکارانە، شای قوماربازانە ئەم ڕیشە

بەبای سەرسەر ناجمێ لو شوێنی خۆی ڕیشی ئەوەندە سەختە
بەبێ حیکمەت نییە ئەگەر جار جار لەرزانە ئەم ڕیشە

بە زاهیر سافە وەک زیوی سپی ئەمما لە باتیندا
ڕەش و پیس و مولەوەش وەک بنی قازانە ئەم ڕیشە

# شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

٧- شیعری نیشتیمانی: ئەو شیعرەیە کە شاعیر بۆ بەرگری لە نیشتیمان هاندانی خەڵک لە دژی داگیرکەران و باسی ئازیەتی ڕۆڵەکانی نیشتیمان دەکات، یاخود باس لە جوانی و دڵگیری نیشتیمان دەکات، ئەمەش یەکێکە لە ناوەڕۆکەکانی شیعری شاعیرانی کلاسیک و لەو ڕوانگەیەوە زۆرێک لە شاعیران شیعریان بۆ ئەم مەبەستە نوسیوە.

سالم دەڵێت:

مەردی مەیدان هاتە جەولان باز لە دەنگی تەپڵی باز
حەیتە وەک شاهۆیی گێژ و کورد بە میسلی باڵەبان
مەرگی تورکان جەفاجۆ سەد قەدەم پێش گوللە کەوت
تاب لە ئەنگوشتی بۆسی، ئەو گەیشتە سەر نیشان
ئیختیراعی تورک لە دڵدا مەشق جۆی شێوەی شەغال
یەکەتازی کورد لە دونبال هەروەکو شێری ژیان

# دەقە ئەدەبییەکان

